# مۆنۆپۆلی سلێمانی

**یارییەك بۆ بازرگانی کردن و کڕین و فرۆشتنی موڵك**

## ١- ئامانجی یارییەکە
ئامانجی ئەم یارییە ئەوەیە کە تۆ ببیتە دەوڵەمەندترین یاریزان لە ڕێگەی کڕین و فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك

## ٢- کەرەستەکان
کەرەستەکانی ئەم یارییە پێکهاتووە لە بۆردی مۆنۆپۆلی سلێمانی، ٢ (دوو) زار، ٦ (شەش) پوول، ٣٢ (سی و دوو) خانوو و ١٢ (دوانزدە) هۆتێل. لەگەڵ ئەوەشدا کارتەکانی هەل و بەخت و پارە و موڵکی تێدایە

## ٣- خۆ ئامادە کردن
بۆردی مۆنۆپۆلی سلێمانی لەسەر مێزێك دا بنێ و کارتەکانی هەل و بەخت ڕوو لە ژێرەوە بخەرەسەر ئەو شوێنانەی کە بۆی دیاری کراوە لەسەر بۆردەکە. هەر یەك لە یاریزانەکان دەتوانێت پوولێك بۆخۆی دەستنیشان بکات بۆ ئەو کاتەی کە بە ناو بۆردەکە گەشت دەکات

هەر یاریزانێك بڕی ١٥٠٠ دیناری پێ دەدرێت بەم شێوەیە: دوو ٥٠٠ دیناری، دوو ١٠٠ دیناری، دوو ٥٠ دیناری، شەش ٢٠ دیناری، پێنج ١٠ دیناری، پێنج ٥ دیناری، پێنج ١ دیناری

**باقی هەموو پارەکان و کەرەستەکان لە بانکدا دەبێت**



٥ دانە



٥ دانە



٥ دانە



٦ دانە



٢ دانە


٣ دانە


٢ دانە

## ٤- خاوەن بانك
یەکێك لە یاریزانەکان وەك خاوەن بانك هەڵبژێرە کە توانایەکی باشی هەبێت لە مەزاد کردندا

**خاوەن بانکەکەی کە بەشداری دەکات لە یارییەکە دەبێت ئەو بڕە پارەیەی پێی دراوە جیای بکاتەوە لە پارەی بانکەکە. دەکرێت کەسێك دابنرێت وەك خاوەن بانك و مەزادکار کە بەشداری نەکات لە ناو یارییەکە**

## ٥- بانك
جگە لە پارە، بانك خاوەنی هەموو موڵك و خانوو و هۆتێلەکانە پێش دەستپێکردنی یارییەکە و کڕینیان لە لایەن یاریزانەکانەوە

بانك مووچە و بەخشیش دەدات. ڕاستەوخۆ بانك موڵك دەفرۆشێت یان مەزادیان دەکات. لە کاتی فرۆشتنی هەر موڵکێك، کارتی خاوەنداری موڵکەکە دەدرێت بە خاوەن موڵك. بە هەمان شێوەی موڵك، بانك خانوو و هۆتێل دەفرۆشێت بە یاریزانەکان. وە هەروەها قەرزیش دەدات بە یاریزانەکان کاتێك موڵکەکانیان بخەنە ڕەهنەوە. یاخوود بانك هەموو کاتێك دەتوانێت خانوو و هۆتێل بکڕێتەوە ئەگەر یاریزانەکە خواستی لەسەر فرۆشتنیان هەبوو



**بانك هەرگیز بێ پارە نابێت و هەرگیز موفلیس نابێت. ئەگەر بانك پارەی لێبڕا، ئەوە خاوەن بانکەکە دەتوانێت لەسەر کاغەزێکی ئاسایی ئەو بڕە پارەیە بنووسێت کە پێویستێتی**

## ٦- چۆنیەتی یاری کردن
لە سەرەتادا، خاوەن بانکەکە زارەکان هەڵدەدات. دوا بە دوا یاریزانەکانی تر زارەکان هەڵدەدەن. ئەو یاریزانەی کە بەرزترین ژمارەی بۆ دەردەچێت بە هەردوو زارەکە، پوولەکە لەسەر "بڕۆ" دادەنێت و دەست دەکات بە یاری و زارەکان جارێکی تر هەڵدەدات و خانەکان بە پێی ژمارەی زارەکان تێدەپەڕێنێت. دوای ئەوەی کە سەرەکەی تەواو بوو، یاریزانی دەستە چەپ دەست دەکات بە هەمان پرۆسە و پولەکەی خۆی لەسەر "بڕۆ" دادەنێت و زارەکان هەڵدەدات بۆ ئەوەی بەرەو پێشەوە بڕوات

بە پێی ئەوەی پوولەکەت دەکەوێتە سەر چ خانەیەك ، تۆ ئەگەری ئەوەت لەبەردەمە کە موڵکەکە بکڕیت لە بانك یاخود کرێ بدەیت بە خاوەن موڵکەکە یان سەرانە و باج بدەیت، یان کارتەکانی هەل و بەخت ڕابکێشیت، یاخود بچیت بۆ بەندینخانە. ئەگەر زارەکان جووت بوون، بۆ نموونە ٦ بە ٦ یان ٢ بە ٢، ئەوە ئاسایی کۆ دەکرێنەوە و خانەکانی پێ تێدەپەڕێندرێت. لە هەمان کاتدا، جارێکی دیکەش زارەکان هەڵدەدەیتەوە. ئەگەر ٣ جار لەسەر یەك زارەکان لە یەك چوون، ئەوا ڕاستەوخۆ دەچیت بۆ بەندینخانە

## ٧- بڕۆ


هەر کاتێك کە پوولی یاریزانەکە دەچێتە سەر "بڕۆ" یان تێی دەپەڕێنێت بە ڕاکێشانی کارت یان بە پێی زارەکان، ئەوە بانك ٢٠٠ دینار مووچەی پێ دەدات. ئەگەر هاتوو ژمارەی زارەکان وای لە یاریزانەکە کرد کە بەسەر بڕۆدا تێپەڕێت و بچێتە سەر یەکێك لە خانەکانی بەخت یان هەل و کارتێکی ڕاکێشا و پێی ووت کە بچێتە خانەیەك و ئەو خانەیەش تێپەڕ ببێت بەسەر "بڕۆ" دا، ئەوا جارێکی تر بانك ٢٠٠ دینار مووچەی پێ دەدات. بە کورتی و پوختی، هەر جارێك پوولەکەت کەوتە سەر یاخوود تێپەڕ بوو بەسەر "بڕۆ" دا، ئەوا بانك ٢٠٠ دینار مووچەت دەداتێ

## ٨- کڕینی مووڵك
هەرکاتێك پوولەکەت کەوتە سەر موڵکێکی بێ خاوەن، ئەوا دەتوانیت ڕاستەوخۆ لە بانك بیکڕیتەوە بەو نرخەی لەسەر خانەکە نووسراوە. کارتێك وەردەگریت کە تۆ دەستنیشان دەکات وەك خاوەن موڵکەکە. ئەو کارتە بە ڕووە سپییەکەیدا دابنێ لەبەردەم خۆت دا

**ئەگەر هاتوو نەتویست ئەو موڵکە بکڕیت، ئەوا بانك لە مەزاد دەیفرۆشێت بەو یاریزانەی کە زۆرترین پارە دەدات. یاریزانەکە ئەو بڕە پارەیە دەدات بە بانك و لە بەرامبەردا کارتی خاوەنداریەتی موڵکەکە وەردەگرێت**

**لە کاتی مەزاددا، هەموو یاریزانەکان بەو یاریزانەی کە نەیویست موڵکەکە بکڕێت دەتوانێت بەشداربێت لە مەزادەکە. دەکرێت مەزادەکە بە هەر نرخێك دەست پێ بکات**

## ٩- کرێدان
کاتێك پوولەکەت دەکەوێتە سەر موڵکێك کە خاوەندار بێت، خاوەنەکەی کرێت لێ وەردەگرێت بەو ڕێنماییەی لەسەر کارتی خاوەنداریەکە نووسراوە. ئەگەر موڵکەکە خرابێتە ڕەهنەوە، ئەوە کرێ وەرناگیرێت و کارتی خاوەنداریەتی لەسەر پشت دادەنرێت بە ڕووە سوورەکەیدا لەبەردەم خاوەنەکەی

یەکێك لە بەرژەوەندییەکانی ئەم یارییە ئەوەیە کە خاوەنداریەتی هەموو ڕەنگە لەیەك چووەکان بێت. چوونکە دەتوانیت دوو قات کرێ وەربگریت بۆ هەر یەکێك لەو موڵکانە بە مەرجێك خانوو و هۆتێلیان لەسەر نەبێت و هیچ یەکێکیشیان نەخرابێتە ڕەهنەوە. نموونەی ڕەنگە لە یەك چووەکان: بەکرەجۆ و ڕاپەڕین بەرژەوەندییەکی تر ئەوەیە کە خانوو و هۆتێل دابنێیت لەسەر موڵکەکانت چونکە کرێی زیاتری پێ وەر دەگریت

## ١٠- کارتەکانی هەل و بەخت




کاتێك پوولەکەت دەکەوێتە سەر هەر یەکێك لەم خانانە، کارتێك لە سەرەوەی دەستەکە دەبەیت و بە پێی ئەو زانیاریانە هەڵسوکەوت دەکەیت. لە دواییدا کارتەکە دەخەیتە ژێر دەستەی کارتەکان. دەتوانیت کارتی "هاتنە دەرەوە لە بەندینخانە" لای خۆت هەڵبگریت تا کاتی پێویست. کاتێك کارتەکەت بەکار هێنا، ئەوا دەبێت بیخەیتەوە ناو دەستەی کارتەکان. ئەگەر هاتوو ئەو یاریزانەی ئەم کارتەی بۆ دەرچوو نەیویست بەکاری بهێنێت، ئەوا دەتوانێت بیفرۆشێتەوە بە یاریزانێکی تر بە هەر نرخێك کە لەسەری ڕێك بکەون

## ١١- باج و سەرانە

ئەگەر هاتوو پوولەکەت کەوتە سەر خانەی باج و سەرانە ، ئەوا دەبێت ئەو بڕە پارەیە بدەیت بە بانك کە لەسەر بۆردەکە نوسراووە

## ١٢- بەندینخانە



**بە ٣ شێوە دەچیتە بەندینخانە:**

١- کاتێك دەچیتە سەر ئەو خانەیەی کە دەتنێرێت بۆ بەندینخانە
٢- کارتێك ڕادەکێشیت کە پێت دەڵێت دەبێت بچیت بۆ بەندینخانە
٣- سێ جار لەسەر یەك زاری جووت بهێنیت

کاتێك کە دەنێردرێیت بۆ بەندینخانە، بانك ناتوانێت ٢٠٠ دینار مووچەت پێ بدات. لە هەرخانە و شوێنێکیشدا بیت دەبێت پوولەکەت بخەیتە سەر خانەی بەندینخانە. سەرەکەت کۆتایی پێ دێت کە چوویتە ناو بەندینخانە

ئەگەر لە کاتێکدا نە نێردرابیتە بەندینخانە و کەوتیتە سەر خانەی "تەنها سەردان" ئەوا ئاسایی بەردەوام دەبیت لە یاری کردن و چاوەڕێی هەنگاوی دواتر دەکەیت

**بە ٤ شێوە لە بەندینخانە دەربازت دەبێت**

١- بە هەڵدانی زاری جووت: لە سەرەی خۆتدا دەتوانیت زارەکان هەڵبدەیت وە ئەگەر هەردوو زارەکە جووت بوون، ئەوا بە پێی ئەو ژمارەیە ئەوەندە خانە دەچیتە پێشەوە. هەرچەندە بە جووت ژمارە دەربازت دەبێت لە بەندینخانە، بەڵام ئەمە هەلی ئەوەت پێ نادات جارێکی دی زارەکان هەڵبدەیتەوە
٢- بە بەکارهێنانی کارتی "هاتنە دەرەوە لە بەندینخانە" ئەگەر هەتبێت
٣- بە کڕینی کارتی "هاتنە دەرەوە لە بەندینخانە" لە یاریزانێکی تر
٤- بە پێدانی ٥٠ دینار بە بانك پێش ئەوەی زارەکان هەڵبدەیت

تا ٣ جار بۆت هەیە زارەکان تاقی بکەیتەوە بۆ ئەوەی جووت ژمارە بهێنیت و دەربازبیت لە بەندینخانە. ئەگەر جووت ژمارەت بۆ نەهات لە سەرەی سێهەمدا، دەبێت ٥٠ دینار بدەیت بە بانك و بە پێی ژمارەی زارەکان بەرەو پێشەوە بڕۆیت

یاریزان دەتوانێت کرێ کۆ بکاتەوە و موڵك و خانوو و هۆتێل بکڕێت و بشفرۆشێت کاتێك کە لە بەندینخانەدایە

## ١٣- پارکی بێبەرامبەر

یاریزان کە دەکەوێتە ئەم خانەیە، هیچ بڕە پارەیەك، موڵك یاخود پاداشت وەرناگرێت. ئەم شوێنە تەنها بۆ حەسانەوەیە

## ١٤- خانوو

کاتێك دەبیتە خاوەن موڵکی هەموو موڵکە ڕەنگ لە یەکچووەکان، دەتوانیت خانوو لە بانك بکڕیت. ئەگەر یەك خانوو بکڕیت، دەتوانیت بیخەیتە سەر هەر یەك لە سەر ئەو موڵکانە. خانووی دواتر کە دەیکڕیت، دەبێت بیخەیتە سەر ئەو شوێنەی کە خانووی لەسەر نیە، واتە بە شێوەیەکی یەکسان دادەنرێن

**نرخی هەر یەك لە خانووەکان لەسەر کارتی خاوەنداریێتی موڵکەکان نووسراوە**

خاوەن موڵکەکە دەتوانێت دوو ئەوەندەی کرێکە وەربگرێت لەسەر ئەو موڵکانەی کە هێشتا خانوویان لەسەر نیە. خاوەن موڵك دەتوانێت خانوو بکڕێت لە بانك لە هەر کاتێکدا بێت. بەڵام دەبێت بە شێوەیەکی یەکسان خانووەکان لەسەر موڵکەکان دابنێت. ناکرێت خانەیەك ٣ خانووی لەسەربێت و خانەیەکیش ١ خانووی لەسەر بێت. بە هەمان شێوە ئەگەر خاوەن موڵك بیەوێت خانووەکان بفرۆشێت، دەبێت بە شێوەیەکی یەکسان بیان فرۆشێت



بۆ نموونە نابێت خانەیەک ٣ خانووی لێ بفرۆشرێت و خانەیەکی تر ٢ خانووی لەسە ر مابێت. کۆتا ژمارەی خانوو لەسەر هەر خانەیەک ٤ خانووە

## ١٥- هۆتێل

کاتێك کە یاریزانەکە ٤ خانووی لەسەر هەر یەکێك لە خانە ڕەنگ لە یەکچووەکان هەبێت، دەتوانێت هۆتێل لە بانك بکڕێت. یاریزانەکە دەبێت هەر ٤ خانووەکە بگەڕێنێتەوە بۆ بانك و لە بەرامبەردا هۆتێلەکە وەربگرێت. بە هەمان شێوە بۆ خانەکانی دیش. نرخی هۆتێل لە هەر یەکێك لە کارتی خاوەنداریێتی موڵکەکان نووسراوە. تەنها دەتوانیت یەك هۆتێل بکڕیت بۆ هەر خانەیەک

## ١٦- کورتهێنانی خانوو

کاتێك بانك خانووی نامێنێت بۆ فرۆشتن، دەبێت یاریزانەکان چاوەڕێ بکەن کە یاریزانەکانی تر خانووەکانیان بفرۆشن یان بیانگەڕێننەوە لە کاتی هۆتێل کڕیندا

## ١٧- فرۆشتنی موڵك

دەتوانیت هەر موڵکێك کە خانوو و هۆتێلی لەسەر نەبێت، وە هەر وێستگەی پاس و کەرتی خزمەتگوزاری بفرۆشیت بە یاریزانەکانی تر بەو بڕە پارەیەی لەسەری ڕێك دەکەون. بەڵام هیچ موڵکێك ناتوانرێت بفرۆشرێت کاتێك خانوو و هۆتێلی لەسەربێت وە خانوو و هۆتێلیش تەنها بە بانك دەفرۆشرێت. هەر یاریزانێك بیەوێت موڵکەکەی بفرۆشێت، دەبێت لە پێشا هۆتێل و خانووەکانی بە بانك بفرۆشێت بە نیوەنرخ ئینجا موڵکەکە بفرۆشێت بە یاریزانێکی تر

هەموو ئەو خانووانەی کە لەسەر موڵکە هاوڕەنگەکانن دەبێت بە شێوەیەکی یەکسان بفرۆشرێن. هەموو هۆتێلەکان دەتوانرێت بە یەکجار بفرۆشرێن (یەك هۆتێل یەکسانە بە ٤ خانوو) یان یەك یەك بفرۆشرێن بە شێوازێکی پێچەوانەیی. بۆ نموونە هۆتێلەکە دەکەیتەوە بە ٤ خانوو، دوا بە دوا کەمتریان دەکەیتەوە

## ١٨- ڕەهن

ئەو موڵکانەی کە خانوو و هۆتێلیان لەسەر نیە دەتوانرێت بخرێنە ڕەهنەوە. لە بەرامبەردا بانك بڕی ئەو پارەیەت پێ دەدات کە لە کارتی خاوەنداریێتیدا نووسراوە

**هیچ کرێیەك وەرناگیرێت لەسەر ئەو موڵکانەی کە خراونەتە ڕەهنەوە. بۆ ئەوەی ڕەهن لەسەر هەر موڵکێك لابدەیت، دەبێت خاوەن موڵکەکە بڕی ١٠٪ قازانج بدات بە بانك لە سەروو ئەو بڕە پارەیەی یەکەم جار وەك ڕەهن لە بانك وەریگرتووە**

موڵك ڕەهن کردن هیچ کاریگەری لەسەر خاوەنداریێتی موڵکەکە نابێت بۆ یاریزانەکە. واتە هیچ یاریزانێکی تر ناتوانێت ئەو بڕە پارەیەی ڕەهنە بداتەوە و لە بەرامبەردا بیبێتە خاوەن موڵکەکە. بەڵام خاوەن موڵکەکە دەتوانێت موڵکە ڕەهنکراوەکە بفرۆشێتەوە بە یاریزانێکی تر بەو بڕە پارەیەی لەسەری ڕێك دەکەون. ئەگەر تۆ بوویتە خاوەن موڵکە ڕەهن کراوەکە، دەبێت تۆ پارەی لابردنی مووڵکەکە بدەیت بە بانك بە ١٠٪ قازانج لە کاتی کڕینیدا. ئەگەر بڕیارت دا لە کاتێکی تردا ڕەهن لەسەر موڵکەکە لابدەیت، ئەوە دەبێت لە ١٠٪ ی زیاتر قازانج بدەیت. واتە، بە گشتی دەبێت ٢٠٪ بدەیت لە سەروو نرخی ڕەهنەکەوە

## ١٩- مایەپووچ بوون

کاتێك مایەپووچ دەبیت کە نەتوانی هیچ بڕە پارەیەك بدەیت بە یاریزانێکی تر یاخود بانك. ئەگەر نەتتوانی کرێ بدەیت بەو یاریزانەی کە قەرزداریت، ئەوا دەبێت هەرچی موڵك و خاوەنداریەتیت هەیە لە یارییەکەدا بدەیت بە یاریزانەکە و دەربچیت لە یاریەکە. ئەگەر خانوو و هۆتێلت هەبێت، دەبێت لە پێشا بیانگەڕێنیتەوە بۆ بانك و لە بڕی ئەوە پارە وەربگریت و دواتر پارەکە بدەیت بە یاریزانەکەی قەرزداریت. ئەگەر موڵکی ڕەهنکراوت هەیە، دەبێت بیدەیتە دەست یاریزانەکەی قەرزداریت و ئەویش ڕاستەوخۆ دەبێت پارەی ڕەهن بداتەوە بە بانك بە ١٠٪ قازانجەوە

ئەگەر مایەپووچ بوویت بە هۆکاری باج و سەرانە یان هەر زیانێکی تر، کە نەتوانیت لە ڕێگەی فرۆشتنی خانوو و هۆتێل و ڕەهن کردنەوە ئەو بڕە پارەیە بدەیت، دەبێت هەرچیت هەیە بیگەڕێنیتەوە بۆ بانك. لە هەمان کاتدا، بانك دەست دەکات بە مەزادکردنی ئەو موڵکانە بێجگە لە خانوو و هۆتێلەکان

**هەر یاریزانێك کە مایەپووچ بوو، دەبێت لە یارییەکە بکشێتەوە**

یاریزانی براوە ئەو یاریزانە دەبێت کە بە تەنها دەمێنێتەوە لە یاری مۆنۆپۆلی سلێمانیدا